# ئەنفالكراوەكان بانگمان دەكەن! گوێتان لێیانە؟

سەلام عەبدوڵڵا

بۆ هەموو حزب و ڕێكخراوەكانی ماف مرۆڤ لە عیراق

دەسەلاتی فاشییەت لە عیراق روخا و چەندین كەس لە سەرانی خۆیان داوەتە دەستەوە یا دەستگیركراون. ئەوەی لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاوە بە پلەی یەكەم بەیەخی پێدەدرێت، زانیارییەكانە لەبارەی بەرنامەو وشوێنی شاردنەوەی چەكە كۆكوژەكانی رژیمە وریێكەوتننامە مۆركردنە لەبارەی"دروستكردنەوەی"عیراق نەوتەكەی. بەلاَم ئەو بابەتەی ئێمەش بایەخی پێدەدەین یەكێكە لەگەورەترین تاوانی سەردەمی نوێی عیراق و جیهانە، واتە چارەنووسی١٨٠٠٠٠ كوردستانییە كە لە ئۆپیراتسیونە بەدناوەكەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨وە تا ئێستا هیچ لەبارەی چارەنووسیان نازانین.

من وەك هاووەلاَتییەك بە ماف و ئەركی خۆمی دەزانم داواتان لێ بكەم دەستبەجێ و بەشێوەی تایبەت كاربكەن بۆ پرسیارلێكردنی ئاشكرا لە تاوانباران وەتبان تكریتی، بەرزان تكریتی، تاریق عەزیز، محەمەد حەمزە، حسام محەمەد ئەمین، مزاحم سەئب و ئەوانی تر لە بارەی چارەنووسی ئەنفالكراوەكان.

ئەم تاوانبارنە بەشێك لە بازنە زۆر تەسكەكەی رژێم پێكدەهێنن و دەبێ بزانن چی بەسەر گەورەترین ئۆپیراتسیونی كۆمەڵكوژی لە مێژووی عیراق و جیهان هاتووە.

منداڵ و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان داوای گەڕانەوەی خۆشەویستەكانیان دەكەن بە زیندوویی یا بە كوژراوی. . . هەر وا خۆشیان چاوەڕوانی راگەیاندنی ناسنامەكانیان دەكەن گەر هێشتا هەناسەیان لەبەر مابێ یا ناسنامەیەك بۆ ئێسقانەكانیان. . . گوێتان لێیە !

٢٠٠٣/٤/٣٠

| dwaroj@yahoo.de |
|---|

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.